

# مەرگی دێوەکان

**سەباحەدین عەلی**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

لە سەردەمە زۆر زۆر کۆنەکاندا، سەدان ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، جیهانمان هێشتا لەو چاخانەدا بوو کە زانایان ناوی – خولی دووەم – یان داوەتێ، دێوگەلێکی ئێجگار گەورە و ترسناک لەسەر ڕووی زەویدا دەژیان. زۆربەی ئەو گیانلەبەرانەی دەیانزانین لە گۆڕێدا نەبوون. وەک ئافەریدەی گیانلەبەر ماسییەکان، مەلێکی زۆر، هەندێک گیانلەبەری زۆر بچووکی شیردەر و بۆق هەبوون. لەگەڵ ئەم دێوانەی باسمان کردن، ئەمانەش جۆراوجۆر بوون. بەژنی هەر لە هەشت نۆ مەترەوە بگرە، تا بیست و پێنج مەتر دەبوو.

شانی هەندێکیان ئەستوور، پوولەکە پوولەکە، پێست دڕکاوی، سەریان ئەوەندەی ژوورێکی گچکە، دانی ئەوەندەی بەژنی پیاوێک و شاخیان، هەندێکیان لە نووکی ملێکی چوار پێنج مەتر درێژیاندا سەرێکی بچووکیان هەبووە، هەر هەمووشیان کلکیان درێژ، چنگیان بە نوخان بووە، ئەم دێوانەی لە ڕەسەنی گیانداره خشۆکەکان بوون و لە ناو دەمارەکانیاندا لە دارستانە نیمچە ڕووناک و نیمچە تاریکەکاندا خوێنی گەرم نەدەسووڕایەوە، لە شوێنە سارد و بە زۆنگاوەکاندا دەژیان، گیا، گۆشت، هەرچییەکیان دەست بکەوتبا دەیانخوارد. لەبەر ئەوەی تەمبەڵ بوون، زۆر جاری وا هەبووە زگیان بە لەشی ئەو گیانلەبەرانەی لە دارستانەکاندا، لە ناو ئاوەکاندا، لە ڕۆخی ئاوەکاندا مردوون تێر کردووە، ئەو سەردەمانە بۆ دەستگیرکردنی ئەو شیردەرانەی زۆربەیان لەسەر دارەکاندا دەژیان لەسەر پێیەکانی دواوەیاندا ڕاست دەبوونەوە، ملە درێژەکانیان بە ناو لقەدارەکاندا درێژ دەکرد. ئەوەی ڕێی ژیانی ئاسان و بێخەمی پێ دەدا نە ئازایەتییان، نە زیرەکیشیان بووە. تەنیا بە پشت بە زل ئەفرانیان دەبەست و ئەوانەی دەوروبەریان سەردەبڕی و دەبرژاند. هەرکە لە شوێنێکدا دەبینران هەموو گیانداران لەوێوە هەڵدەهاتن. ماسیگەل بۆ قووڵاییی ئاوەکان، مەل بۆ شینایی ئاسمان، ئاژەڵەکانی دیکە بۆ پەنا درەختەکان و بەناو بێشەڵانەکاندا دەچوون. لە یەکەم چاوپێکەوتنیاندا

لەدەست ئەم تەمبەڵە تێربوون نەزانانەی سەرزەوییە ڕزگاربوون، ئەم گەمژە، بەڵام بەهێزانە، ئەم ترسۆنەک، بەڵام زۆردارانە، تەنانەت بە ئاوەزیشدا نەدەهات. ئاوەکان هی ئەوان بوون، وشکانییەکان هی ئەوان بوون. مرۆ لە داهاتوودا بە زیرەکی و زانستی خۆی، دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا دەسەپێنێ، هێشتاکە بە ترسەوە لە نێو پەلکەکاندا دەسووڕایەوە و لە ناو گەوهەری شیردەرێکی هێندەی لەپێکدا شاراوە بوو کە بە سڵەمینەوە دەهاتە سەر زەوی. ئەم ئافەریدانەی لەسەر ڕووی ئەم گێتییەی خاوەنی بێ ڕقیب و بێ خەمی ئەون، بە تەنە گەمژەکانیانەوە بە گرانی دەسووڕانەوە، ناوە ناوە لە ڕووی بەشکردنی کەلاک ململانێیان دەکرد، جگە لە تێر کردن و بەخێوکردنی لەشە بیست تەنییەکانیان خەمی دیکەیان نەبووە، ئەم ئافەریدانە ترسیان نە لە ڕۆژی خۆیان و نە لە داهاتووشیان نەبووە. جیهان بۆ بەخێو کردن و دابینکردنی ژیانێکی ئارام بۆ ئەوان دامەزرابوو، بەڵام لەسەر زەویدا هیچ شتێک، تەمەنی چەند درێژ بێ با ببێ، بێ کۆتایی نییە. کۆتایی ئەو دێوانەش دەرکەوت کە ملیۆنان ساڵ کوشتوبڕیان لەو گۆڕەدا کردووە و بەبێ هیچ پێبەندییەک فەرمانڕەوایی جیهانی بێ سەرەتا و بێ کۆتاییان کردووە. مەرجەیلی ژیان و سروشت، بە هۆگەلێک کە بەری لێناگیرێ دەستی بە گۆڕان کرد. ئەمە کوتوپڕ نەبوو. وشکەساڵییەکی دیار و نادیار خۆی نواند، هەروەها ئەوەندەی ئاوەزی مرۆ بە زۆر درکی پێ بکا لە ساڵانێکی درێژدا، ئەو زۆنگاو و شوێنە ئاودارانەی وشک کردەوە کە خاکی ئارام و نەرمی ئەم دێوانە بوون. دارستانە چرە پڕ لە گەڵاکان لە کەم بوونیان دا. ئەوەی زانی چۆن لەگەڵ مەرجە تازەکاندا بگونجێ، ئەو ئافەریدانەی وا جۆری ئەفراندنیان یارمەتیی ئەمەی دەدا، بە گەشەسەندنی تازە تازەوە، کە زگوزایان دەکرد، ئەم گیانەوەرانە، کە ئەو ئاوە زۆرەیان دەست نەکەوت لەشی دێویان بە دوایدا دەگەڕان، یەکە یەکە شکان و لە دەشتە وشکەکاندا، بۆ قومێک ئاو سووڕانەوە، غاریان دا، بە زەوییاندا خشان، خوێنی گەرم و سووری ئەو گیانلەبەرانەی توانییان بە دەستیان بخەن، لە نێو خۆشیاندا بەشەڕ هاتوون و ئەو گەرمایەتییە بێ ڕەنگە سارده پەیتەی ناو دەمارەکانی یەکدییان خواردەوە. تا هەستیان بە بێهێزیی خۆیان دەکرد، تا بەرەو ڕووخان بوونی سەڵتەنەتە کۆنەکەیان و لە بەرەو کۆتایی چوونی تەمەنیان تێدەگەیشتن دڕندایەتییان پتر دەبوو. هێلکەکانی خۆیان، تەنانەت بێچووەکانی خۆشیان پارچە پارچە کرد و خوارد. لەسەر ئاوی بۆگەن و قوڕاو و گۆماوی مەنددا لەگەڵ یەکدیدا بەشەڕ هاتوون و سەتانیان پێکڕا مردوون، بەڵام ژیان بێ وەستان لە بەرێوەچوونیدا بەردەوام بوو، لەو شوێنانەدا کە ئەو دێوانەی تەنانەت شوێنەواریشیان لە ڕووی زەوی سڕاوەتەوە و سەردەمانێک حوکمیان بەسەریاندا کردووە، گیانەوەری نوێ پەروەردە بوون. ئەو شیردەرە گچکە گچکانە پەرەیان سەند، هێشتا ئەو پارچە بچووکە نەرمەی ناو لەشی ئەوان، ئەو ڕۆنە سپییەی مێشکی پێ دەڵێن، بەرەبەرە پەرەی بە توانستی خۆی دا، ئەوە کە لەگەڵ دێوەکاندا بەراورد بکرێ، ئافەریدەیەکی ئەوەندەی کرمێک بە بچووکی ماوەتەوە، بە چرنووکەکانی نا، بە دانەکانی نا، بە ئاوەزی ناو کاسەسەری بووە فەرمانڕەوای جیهان. بیرەوەرییە لێڵەکانی، سەرەڕای گۆڕانکاریی دەیان هەزار وەچەی ئافەریدەی جۆراوجۆر، لە ڕێیەلێکی نەزانراوەوە تا بە ئێمە گەیشتووە، تەنانەت بوونی ئەم دێوانەش ئەو هێناویەتەوە گۆڕێ، لێکۆڵینەوەیەکی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی، بە ئارەزووی زانینەوە کە دەستی لە هەموو شوێنێک داوە و وەرداوە، ئەو پاشماوانەی هەر کووەکی بێ بە چرچ بوونەوە لە ناونەچووانەی ئەو دێوانەی دۆزیوەتەوە. لە ئەندێشەیدا شێوەی ئەوانی ژیاندەوە، ناوی جۆراوجۆری لێ نان، ئەو ئێسکانەی لەم لا و ئەو لاوە کۆی کردنەوە وەک بووکەڵەوازی پێکەوە نا و تەماشای کرد.

ئیدی ئەوهالە، ئەم دێوانەی سەردەمانێک توانستیان وەک کۆتایی بۆ نەبێ وا دیار بوو، لەسەر زەوییەوە سڕانەوە و ڕۆیشتنیان تەنانەت بە بیریشدا نەهاتووە، ئەمێستا تەنیا تاک تاکەی ئێسکەکانیان کە لە ناو زۆنگاوەکاندا، ئێسکبەندەکانیان لە موزەیەکدا و لە ئەفسانەکاندا یادەوەریی ترسناک، بەڵام بێ زیانیان لێ ماوەتەوە.

چونکە خورەی ڕێکردنی لە وەستان نەهاتووی ژیان ئەمەی بەم جۆرە دەوێ.

(١٩٤٦)

**سەرچاوە:**

**http://www.benimblog.com/alisahin/27917/SIR%C7A+K%D6%DEK++SABAHATT%DDN+AL%DD.html**